سەباح ساڵەیی: بۆ رۆژی گەل

# ئاڵۆزییەکانی ژیان زۆربەی جوانیەکانی سڕیوەتەوە



دیداری دوا لاپەرەی ئەمجارە شاعیرێکی هەست ناسک دەبێتە میوانمان ئەو شاعیرەی هەمیشە بەعەشقەوە دەروانێتە ژیان و بەردەوام بۆ جوانی دەنووسێت و تائێستا چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە وە هەروەها زۆریش لەبەرهەمەکانی فەوتاوە بەهۆی کاری تایبەتی خۆیەوە بۆ یە بەپێویستمان زانی لەنزیکەوە بیدوێنین و چەند پرسیارێک ئاراستەی بەرێزی بکەین.

**پ/ دەکرێ بزانین سەباح ساڵەیی کێیە.**

و/ ئەو مرۆڤەی دڵپاک و بێ گەردەیە کە هەر زوو فرمێسکەکانی دێنەخوارێ لە کەنار دەریایەکی شینی ئاودامان هەمیشە، هەڵکورماوە و گوێی هەڵخستووە بۆ ئەو وەڵامەی کە پرسیارەکەی ونبووە هەمیشە خۆم بەمرۆڤێکی سادەو بچوک دەزانم لەئاستی هەموو کەسێکی خاوەن بیرو مرۆڤایەتی وە هەمیشە پێنووسەکەم وا لەسەر بەرماڵی شیعرێکایە کە هێشتا لەدایک نەبووە و خۆم بەبچوکترین شاعیر دەزانم لەپێناو خزمەتی گەلەکەم ئەوەی بەمن بکرێ لەپێناو جوانی و راستی و بێ گەردی ئامادەم.

**پ/ شعر بۆ کێ دەنووسی؟**

و/ بۆ ئەو مرۆڤانەی سەریان پەڵەی هەورەو ژێر پێکانیان دەریایەکی بێ سەروبنە شیعر بۆ ئەو خانمە دەنووسم کە لەناوەختێکدا بوو بەئستێرەو پێش داهاتنی مەغریب بەجێی هێشتم، شیعر بۆ هەموو ئەو دڵە سووتاوو عاشقانە دەنووسم چاوەرێی هەتاو دەکەن شعر بۆ ئاسمان و ئستێرە و مانگ و درەخت و ئەو شۆخە بێ وەفایانە دەنووسم تا بەئاگایان بێنمەوە کەبێ وەفایی گەورەترین خیانەتە، لەسەرووی ئەمانەشەوە بۆ نیشتمان و شەهیدان.

**پ/ تائێستا چەند بەرهەمی چاپکراوت هەیە**

و/ زۆر بەرهەمم بەهۆی بارودۆخی تایبەت بەخۆم ونبون و سوتێنران وە ئەوانەی بەچاپم گەیاندووە ئەمانەن

خەمەکانی ژێر هەور، دیوانی شیلانەی عیشق، وەفای من و خەونەکانی تۆ، گەڵا زەردەکانی یادەوەریم، هەروەها کتێبی چیرۆکم هەیە بەناوی هەشت چیرۆک و هەشت ئاوات کە تاقیکردنەوەی یەکم جارم بوو لەبواری نووسینی شیعر، هەروەها بەرهەمی تریشم بەدەستەوەیە.

**پ/ بەشداری چەند کۆرت کردووە**

و/ زۆربەی کۆرەکانم لە کەرکوک کردووە بەڵام بەژمارە نازانم چونکە لەیادم نیە.

**پ/ شاعیرانی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنی**

و/ زۆربەیان باشن بەڵام پێویستیان بەخوێندنەوەی بەردەوام هەیە چونکە گەنجێکی زۆر رووی کردۆتە شیعر نووسین هەندێکیان توانیویانە جێگای خۆیان بکەنەوە وە هەندێکیان کەس تێیان ناگا چی دەڵێت، وە هەیانە خۆی لەخۆی تی ناگات، وەشاعیر کۆنەکان قوتابخانەی شیعرن بۆ نموونە. گۆران،بێ کەس ، قانع، بێخود.....هتد

**پ/ تاچەند لەشیعرەکانی خۆت رازی**

و/ لەهەندێ بەرهەمەکانم رازی نیم گەرچی خەڵکانیکی زۆر دەست خۆشیان لێکردووم، بەڵام وەکو سەباح ساڵەیی خۆم لەو نوسینانە بەگەورەتر دەزانم، بەڵام بەهۆی بارودۆخ وهەندێ کێشەی رۆژگاری ئەمرۆ هەر ئەوەندەم پێکراوە چونکە ئاڵۆزیەکانی ژیان لەم رۆژگارە زۆربەی جوانیەکانی سریوەتەوە.

**ئا/ رۆژ**

# شەمس بە دوو ئەلبومی نوێ دێتەوە



دوای دوو ساڵ لە دابڕانی لە کاری هونەری، ئێستا بە بیست وسێ گۆرانی بوێ لە دوو ئەلبومی تازەدا بۆ باوەشی جەماوەرەکەی دەگەرێتەوە.

شەمس گۆرانیبێژی ناسراوی کەنداو هەردوو ئەلبومە نوێکەی لەلایەن کۆمپانیای سورپرایزی ئەمریکیەوە بەرهەم هێنراون، بۆ ئەمە مەبەستەش ملیۆنان دۆلار لە وێنەگرتن و ریکلام کردن و پەخش کردنیدا سەرف دەکرێ.

شەمس بە گۆڤای ( سەیدەتی ) گوتووە کە وێرای هەموو سەختەکان توانیویەتی ئەو دوو ئەلبومە بۆ لایەنگران و ئاشقانی دەنگی خۆی ئامادە بکات، بڕیار وایە بە ئامادەبوونی بەرێوەبەری کۆمپانیاکە ئەلبومەکان ئاشکرا بکرێن و بەسەر فرۆشیاران دابەش بکرێن.

شەمس تەمەنی ٢٧ ساڵە، هەرچەندە لەنێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا گەورە بووە، بەڵام رەفتاری ئەوروپای هەیە، جل و بەرگی تایبەت لەبەردەکات، بەو هۆیەشەو لەلایەن رۆژنامەوانانی جیهانی عەرەبی رەخنەی لێدەگیرێ، بەڵام ئەو پێیوایە کە هەندێک کەسی ناحەز دەیانەوێ ناوی بزرێنن و تۆمەتباری بکەن، بەڵام ئامادە نابێ وەڵامیان بداتەوە .



# سەرەڕۆیی کەم وێنە

رۆژی ٢٨-٤-٢٠٠٧ میهرەجانێکی پاڵەوانێتی هونەری میللی لە هەرێمی کۆیچۆی وڵاتی چین بەرێوەچوو کە لە بەرزایی سەدان مەترەوە ماتۆرسواران لەسەر تەلی باریکی کانزاییدا دەرۆیشتن و توانای خۆیان پێشان دەدا.

دیمەنەکانی ئەو ڤێستیڤاڵە نەک هەر سەرەرۆیی و سەرنجراکێش بوون، بەڵکو مرۆڤیان سەرسام دەکرد و دەیان پرسیاری لەلا دروست دەکردن.

ئەم وێنەیە یەکێک لەو دیمەنانەیە، ئەوەتا سوارماتۆرێک لەسەر پشتی ماتۆرەکەی راوەستاوە، لەژێرەوەش کەسێک خۆی بە پەیژەیەک شۆرکردۆتەوە کە لە ماتۆرەکەوە گرێدراوە. ئەم دیمەنە هونەری پاڵەوانێتی بەرجەستە دەکات و هێزو توانا و شیانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات.

هەندێک لە تەماشاکەران لەگەڵ پێشاندانی دیمەنەکاندا دەبورانەوەو لە هۆش خۆیان دەچوون. ڤێستڤاڵی ئەم ساڵ لە کاتێدا بەرێوەچوو کە دەیان گەرۆکی بیانی ریگەی دووریان بری بوو، خۆیان گەیاندبووە شوێنەکەو چێژیان لە دیمەنەکان وەرگرت .

شیاوی باسە ساڵانە دەیان ڤێستڤاڵی تایبەت بۆ ئەو کەسانە ساز دەکرێن کە سەرەرۆیی دەنوێنن و توانای خۆیان پێشان دەدەن .

# ژووانگە

## خانووی ئەوان و ڤێللای ئەمان!

لەسەردەمی خەباتی شاخ لە نێو زۆربەی لایەنە سیاسیەکاندا سەرکردەو بەرپرس و پێشمەرگە وەکو یەک دەژیاین، یەک جۆرە خواردنمان دەخوارد و جلی هاوشێوەمان لەبەردەکرد. جیاوازی لە نێوان پێڵاوەکانیشمان دا نەبوو. ئەوێ رۆژێ هەڤاڵێکمان کە زۆر خۆی بە چەپ و مارکسی و یەکسانیخواز دەزانی، دەیگوت: " ئەگەر شەهید نەبووین و بە سەرفرازی گەراینەوە شارەکان و دەستەڵاتمان وەرگرت، دەبێ خانووی هەموومان وەکو یەک بێ، نابێ جیاوازی لە نێوان خانووی سەرکردەو پێشمەرگەکاندا هەبێ! دەبێ پاداشتی ئەوانەش بدەینەوە کە نەترسانە هاوکاریمان دەکەن و لە نێو ماڵ و منداڵی خۆیاندا رامان دەگرن"

لە سایەی راپەریندا هەموومان بە سەرفرازی گەراینەوە شارەکان. دوایی بەهۆی شەری نێوەخۆوە من سەری خۆم هەڵگرت و ئاوارەی هەندەران بووم. پار ساڵ بەمەبەستی سەردانی خزمان و دیداری ئاشنایان و شادبوونەوە بە باوەشی نیشتمان چوومەوە باشووری کوردستان. راستیەکەی کوردستان زۆر گۆرابوو.بازارو باڵاخانەی گەورە لە نێو شارەکاندا بەرزکرانەتەوە. بە درێژایی رێگەکان لە دەوروبەری شارەکاندا ڤێللای نایاب و باخی بەرفراوان دروست کراون. من بەو پێشکەوتنە سەرسام بووم، بەڵام مخابن ئەوانە هەمووی لەسەر خوێن و پێستی تێکۆشەران هەڵچنراون و هەموویان هی بەرپرسەکانن.

لەو سەردانەمدا ویستم هەندێ هاورێ دێرینم ببینمەوە، سەردانی هەندێک لەوانەش بکەم کە رۆژێک لە رۆژان نان و نمەکم کردبوون و منیان حەشاردابوو. بۆ ئەو مەبەستە بەدوای هەندێ هاورێی دێریندا گەرام، ئەوەی ساردی دەکردمەوە پرسیاری سکرتێرەکانیان بوون، وایان دەزانی من بۆ سواڵکردن چوومەتە بەردەرگەیان. ناو و ژمارەی تەلەفۆنیان وەردەگرتم و دیانگوت پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە.

ئیتر بە دوای ئەو کەسانەدا گەرام کە لە تەنگانەدا باوەشیان بۆ گرتبووینەوەو هاوکاریان کردبووین. زۆربەی ئەوانەی دەمدیتنەوە زۆر لە جاران خراپتر بوون. هەندێکیان خۆزگەیان بە رابردوو دەخواست. کاک (ع) مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزە. جاران پۆلیس بوو، ئەوەندە هاوکاری پێشمەرگەو رێکخستنەکانی دەکرد کە لە توانای حزبێک بەدەربوو. ئەو پێشمەرگەی لە ماڵەکەی خۆی رادەگرت، بە سەیارەی خۆی دەیانگوازتنەوە، چەک و فیشەکی بۆ پەیدا دەکردن. هەموویان ئەنفالیان دەکرێن. بۆئەو مرۆڤەم دیتەوەو سەردانیم کرد، ئەو لە کوێرە گوندێک کەوتووەو لەنێو کولانەیەکدا دەژێ.

ئەگەر چی هیچ لە سکرتێرەکان تەلەفۆنیان بۆ نەکردمەوە، بەڵام بە زۆرەکی خۆم گەیاندە ئەو هاورێیەم کە بانگەشەی یەکسانیخوازی دەکرد و بستێک زەویشی نەبوو، کەچی جگە لە خانووەکانی ناو شار ڤێللایەکی نایاب و باخێکی گەورەشی هەیە. لەلای ئەو باسی (ع)م کرد، پێمگوت: ئەو خانووی لەدەست داو تۆش ڤێللات پەیدا کرد! ئیتر هاتمە دەرێ




**دەڵێن** بەرپرسێک ئاشکرای کردووە کە هەموو ئەو پەیامنێرانەی چوونەتە لای و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیان لەگەڵ کردووە، پارچەیەک زەوییان پێ دراوە، جا پەیامنێرەکە خۆی داوای کردبێ، یان بەرپرسەکە خۆی لوتفی فەرمووبێ!!

**پێشتر** هەندێ بەرپرس بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لەسەر بودجەی تایبەتی خۆیان فلانە مزگەوت یان فلانە پرۆژەی خزمەتگوزاریان ئەنجام داوە، بەڵام ئێستا بەرپرسێک کە پێش راپەرین لە خانووی کرێ دادەنیشت و بەزەحمەتیش کرێی مانگانەکەی بۆ دابین دەکرا، ئێستا لەسەر بودجەی تایبەتی خۆیدا لە شارۆچکەیەکی ئەم نیشتمانەدا قوتابخانەیەک دروست دەکات !!

**ئەگەر** لەهەر وڵاتێکی دیکەی جیهان بوایە وەزیری ناوەخۆ بەهۆی ئەو هەموو تەقینەوانە رەوانەی ماڵی خۆی دەکرایەوە، بەڵام هەر دوو حکومەتی بەغداد و هەولێر ئەگەر لە رۆژێکدا دەیان تەقینەوەش رووبدات، وەزیر لە جێگەی خۆیشی تەکانی پێنادرێ!!

**کابرایێک** دەیگوت : سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردەکانی عێراق کورد نەبوو، کەچی لە جیاتی نیوەی ئەم خەڵکە فۆرمیان پڕ کردەوە، ئێستا کە شوکر کوردێک ئەو پۆستەی وەرگرتووە ئیدی هەموومان پێویستمان بەوە نیە بچینە بنکەکانی دەنگدان، چونکە لەجیاتی هەموومان فۆرمەکانی پڕ دەکەنەوە !!

**وڵاتیێک** دەیگوت: لایەنێک بارەگایێکی تازەی لە گەرەکی ئێمەدا کردۆتەوە، ئێستا داوا دەکەن بە هەر نرخێک بێ، خانووەکانی دەوروبەریان پێبفرۆشین، ئێمە دەیانناسین، دەزانین چەندەی داوا بکەین هەر پێمان دەدەن، بۆیە خۆمان گران کردووە. ئاخر خۆ پارەی باوکیان نیە، پارەی ئەم میللەتیە، پارەی خۆمانە و بە فرۆشتنی خانووەکانمان لێیان وەردەگرینەوە !!

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەرەکی مشیراوا (رزگاری) نزیک گۆرەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com